کۆچ و کۆچبەرانی عێراق: گەڕانەوەی ئارەزومەندانەی ئاوارەکان بەردەوام دەبێت

وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق دەڵێت، پلانی ستراتیژی ساڵی ٢٠٢٤یان بریتییە لە باشترکردنی دۆخی کامپی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان و ئاسانکاری تەواو بۆ گەڕانەوەی ئارەزومەندانەیان بۆ ناوچەکانی خۆیان.

عەلی عەباس، وتەبێژی وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق بۆ ڕۆژنامەی سەباح-ی ڕاگەیاند، وەزارەتەکەیان پەداچوونەوە بۆ دۆخی خزمەتگوزاری کامپی ئاوارەکان لە هەرێمی کوردستان دەکات، هاوکات هەماهەنگیشیان لەگەڵ وەزارەتی نەوت هەیە بۆ دابینکردنی نەوتی سپی بۆ ئاوارەکان.

وتیشی، وەزارەتەکەیان پەداگرە لەسەر بەردەوامی پەدانی بڕگەنامەی ئاوارەیی بۆ خەزانانەی دوای ڕووداوەکانی ساڵی ٢٠١٤ ئاوارەبوون، تا لەمودوا بتوانن بڕیاری ئارەزومەندانە بۆ ناوچەکانیان بگەڕێنەوە.